Own GoaL

و

# هەڵبژاردنێکی خوێناوی

حەمەسەعید حەسەن

من بەش بە حاڵی خۆم لە هەڵبژاردنی پەرلەمانێکدا بەشداری ناکەم،
کە بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکەم نەتوانن نوێنەرانی خۆیانی بۆ بپاڵێون.(*)
شێرکۆ بێکەس

ماوەیەکە سەرانی کورد، پێشبڕکێیانە لەسەر ئەوەی کامیان زووتر، ئەم یان ئەو عەشیرەت لە خۆی نزیک بخاتەوە. بەعس کە پێویستی بە جەنگاوەر هەبووایە، بە مەبەستی کردنەوەی هێزی سووکەڵە، کە پێیان دەگوت فەوجی خەفیفە، هانای بۆ عەشیرەت دەبرد. بایەخدانی هەنووکەی سەرانی کورد بە خێڵ، تەنیا بۆ ئەوە نییە، سبەی هەڵبژاردنە و پێویستە چی زووترە، دەنگی زۆرترین خێڵ بکڕن، بۆ ئەوەشە هێزی سووکەڵەیان لێ پێک بهێنن و سبەی ئەگەر لە هەڵبژاردندا، شکستیان خوارد، ئەو کۆمەڵگەی مەدەنی، دیموکراتی، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ڕێز لە یاساگرتنەی ساڵانێکە خۆیانی پێوە با دەدەن، بۆ فیشەکی چەکی عەشیرەت بنە نیشانە.

بڕوا بە زۆر شت دەکەم، وەلێ هەر چی دەکەم، بڕوا بەوە ناکەم، دوو زلهێزەکەی باشوور، بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێت. ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەم یان ئەو حیزبی زل، لەسەر ئاستی عێراق لە سەدا (4,9 )ی دەنگەکان بهێنێت، ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەگرێت، وەلێ ئەگەر لەسەر ئاستی کوردستان لە سەدا (49 ) بهێنێت، دەست دەداتەوە چەک.

ئەگەر لە کوردستانی باشووردا بە دوای دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بگەڕێیت، وەک ڕووکەش دەیان باڵاخانەی دامەزراوەی مەدەنی دەبینیتەوە، وەلێ ئەو مەڵبەندانە تەنیا پەیکەرگەلێکن لە کارتۆن، ناوەڕۆکیان بۆشە و مەبەست لە قوتکردنەوەیان، تەنیا فریودانی جەماوەرە و هیچی تر. تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش کە دەبوو خاوەنی باڵاترین دەسەڵات بێت، پاشکۆیەکی فەرامۆشکراوی دوو حیزبە زلەکەیە. ئایا لایەنێک بە ڕاستی خەریکی ڕۆنانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، گوڕ و تین بە جەستەی شەکەتی عەشیرەت دەبەخشێتەوە؟ ئایا بەرزنرخاندنی عەشیرەت، پێشێلکردنی شکۆمەندیی هاووڵاتی نییە؟ ئایا ڕێی تێ دەچێت دوو خێڵ، کێشەکانی نێوانیان لە ڕێی سندووقی هەڵبژاردنەوە، یەکلایی بکەنەوە؟

*

بە گوێرەی ماددەی (53)ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە پدک و ینک ئیمزایان لەسەر

کردووه  و تا سەروەختی هەڵبژاردن دەخوات:

* کوردستان تەنیا ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە پێش 19 .03 .2003 لەژێر دەسەڵاتی <پدک و ینک>دا بوون.

** لە قۆناغی گواستنەوەدا دەستکاری سنووری هیچ پارێزگەیەک ناکرێت. کەواتە پێش هەڵبژاردن:

* نە هیچ شار، شارۆچکە و گوندێکی لە کەرکوک دابڕاو دەگەڕێتەوە سەر کەرکووک،

* نە کەرکووک، نە خانەقین، نە شەنگال و نە هیچ شارێکی دیکەی لە کوردستان دابڕاویش دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوی بە هیوا بێت، لە ڕۆژی هەڵبژاردندا:

* کەرکووک کەرکووکە دێرینەکەی جاران بێت،

* کەرکووک لەسەر کوردستان بێت،

* هەرێمی کوردستان، هەموو کوردستان بگرێتەوە،

ئەگەر نا خەڵکی کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکەن، کەسێکە دوای کڵاوی ڕەشەبابردوو کەوتووە و پێی ئاساییە سەری قسەی خۆی لە گابەرد بدات.

لە نیوەی یەکەمی گەمەکەدا کە بە هەرەسی بەعس دەستی پێ کرد و بە هەڵبژاردن دوایی دێت، کورد دۆڕاندی، تۆ بڵێیت لە نیوەی دووەمدا، تۆڵەی ئەو گۆڵە بکەینەوە کە خۆمان لە نیوەی یەکەمدا لە خۆمانمان کرد؟

2004. 11. 08

<*> شێرکۆ بێکەس، گەمە ترسناکەکانی هەڵبژاردن، دوا ستوونی کوردستانی نوێی ڕۆژی 27 .10 .2004